به بۆنەی بیست و هەشتەمین ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری (ڕامان)ـەوە

# ڕامان، دروستکردنی سەرمایەی ئەدەبی لە سەردەمی تەنگژەدا

د. بەیان عەزیزی
(سنە)

## پێشەکییەکی خێرا

ئەگەر کەسێک لە زیرەکیی دەستکرد بپرسێت، یان لە گووگڵ بە دوای (گۆڤاری ڕامان)دا بگەڕێت، بەم شێوەیە وەڵام وەردەگرێت کە: گۆڤاری ڕامان، گۆڤارێکی مانگانەی ڕۆشنبیریی گشتییە، ساڵی ١٩٩٦ لە شاری هەولێر دەستی بە بڵاوکردنەوە کردووە. ئەم گۆڤارە بە شێوەیەکی ئاسایی لە پێنجی هەموو مانگێکدا بڵاو دەکرێتەوە. ناوەڕۆکی گۆڤارەکە وێژە، وتار، لێکۆڵینەوە، چیرۆک و بابەتەکانی فەلسەفە، هونەر و کولتوور دەگرێتەوە. بەرپرسی ئەو گۆڤارە ئازاد عەبدولواحیدە.

بەڵام ئەمانە تەنیا تایتڵ و سەردێڕی ئەو مێژوو و ئەو سەرمایە ئەدەبییەیە کە گۆڤاری ڕامان لە ماوەی ئەم چەند دەیەیە و لە گشت ئەم ساڵانەدا مسۆگەری کردووە. ئێستا ئیتر ئازاد عەبدولواحید تەنیا بەرپرس، یان خاوەن ئیمتیازی ڕامان نییە، بەڵکوو بمانەوێت، یان نا، دەستخۆشی لێ بکەین، یان ڕەخنەی زانستی لە ناوەڕۆکی گۆڤارەکە بگرین، ئەو بەهۆی ڕاوەستان و ژیان تەرخانکردن لە پێناو ئەم گۆڤارەدا، سەرمایەیەکی ئەدەبیی گشتیی پێک هێناوە کە دەتوانین وەک سەرچاوە لای خۆمان کەڵکی لێ وەربگرین، وەرگێڕانی بۆ بکەین بۆ دیکەی زمانەکان، وەک بەشێک لە میراتی کولتووری، ئەرشیڤی بکەین، تەنانەت ئەم سەرمایەیە لە ژێر چنگی بابەتی سیاسییش ڕزگار بکەین و نەهێڵین کە دەنگی بەرزی سیاسەت، دەنگی ئەدەبیات و نووسین بخنکێنێت.

## ئێمە و ڕامان

بەسەرهاتی ئاشنابوونی من لەگەڵ ڕامان، بابەتێکی تا ڕادەیەک تاکی و ڕۆمانتیکە. نزیک بە ١٨ ساڵ لەوەو پێش لە ڕۆژهەڵات زۆر بە دژواری بکرایە گۆڤارەکانی باشوور و دیکەی پارچەکان دەست بخرێت. لەو سەردەمەشدا گۆڤاری ڕامان یەکێک لە گرنگترین گۆڤارەکان بوو کە خوێنەرێکی زۆر و پێگەیەکی پتەوی لە ناو کۆمەڵگەی کوردیدا هەبوو. ژمارەکانی دەست بە دەست لە نێوان نووسەرانی ڕۆژهەڵاتدا دەگەڕان

و دەخوێنرانەوە. لەو کاتەدا ڕەزا عەلی پوور کە ڕۆژنامەڤان و نووسەر بوو، هەر جارێک لە سنەوە دەچووە سەقز، لەوێ یەک- دوو ژمارەی (ڕامان)ی بەدەستەوە دەگرت و دەیهێنانەوە سنە. ئێوارانی هەینی دەگەڕایەوە، چونکە ڕۆژی شەممە بەیانی زوو دەچووە هەفتەنامەی سیروان کە لەوێ بەرپرسی بەشی کوردی بوو. ئێمە بنەماڵەیەکی سیاسی و چەپ بووین و باوکم تازە لە مەنفایەکی دە ساڵە و بەندیخانە ڕزگار بووبوو، لە سنە نیشتەجێ بووبووین. ئەم هێنانی (ڕامان)ـە ڕۆژانی هەینی بۆ ماڵی ئێمە تا ماوەیەکی زۆر بەردەوام بوو. ئێستاش لەگەڵ ڕەزا باسی ئەوە دەکەین کە ئەو کاتە بە چ بیانوو، یان بە چ مەبەستێکی تایبەت دەهاتە ماڵی ئێمە و گۆڤارەکەی دەدا بە من و باوکم، ئەو کات دایکیشم فەرمووی دەکرد و دەهاتە ژوورەوە! کۆتایی خوێندنەوەی هەموو ژمارەکانی ڕامان لەو کاتەدا و دیکەی کتێب و گۆڤارەکان بووە پێکهێنانی ژیانی هاوبەشی ئێمە هەتا ئێستا کە دەیان گیروگرفتی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی و تاکی تێدا بووە، بەڵام بەردەوام و پڕ دەستکەوت بووە. ڕامان نەک تەنیا بۆ کەسانی وەک ئێمە، بەڵکوو بۆ زۆر لە تاکەکانی نەوەیەک کە لە بەشە جیاوازەکانی کوردستاندا لە ژێر تەوژم و ئەژماری زۆری بڵاڤۆکە فارسی، عەرەبی و تورکییەکاندا بووە، هێمایەک بوو لە هەبوونی گۆڤارێکی بەدیسپلینی کوردی و خاوەن قورسایی کە مەکۆیەک بوو بۆ کۆکردنەوە و دەرخستنی ئەزموونی ئەدەبی و فەرهەنگی نووسەرانمان.

### ئەدەبیات بەردەوام فریامان دەکەوێت

ئایزایا بێرلین سەبارەت بە بارودۆخی ئەڵمانیا بەرانبەر بە فەڕەنسا دەنووسێت: فەڕەنسییەکان بەسەر گشت جیهانی ڕۆژئاوادا، دەسەڵاتیان هەبوو، هەم لە باری سیاسییەوە، هەم لە باری فەرهەنگی، ئەدەبی و میلیتاریشەوە. ئەڵمانییەکان تێکشکابوون و سووکایەتییەکی زۆریان بینیبوو، وەها کە کەسایەتی و مێژوو و ڕوخساری جیهانیان چەمابووەوە، هەروەک شوبهاندنی (قامچییەکی چەماو) لە باسەکەی (شیلەر)ی شاعیردا، بە هەرچی کە لەبەردەستدا مابووەوە، دەیانوەشاند و ئامادە نەبوون شکستەکەیان قبووڵ بکەن، هەتا ناچارکران. لە دوای ئەوە بوو کە تیوریسیەنەکان بە ئاوڕدانەوەی چۆنیەتی خۆسازکردنەوە و ئاوەدانکردنەوەی دووبارەی ئەڵمانیا باسیان لەوە کرد کە هەستانەوەی ئەڵمانیا، نەک لەباری میلیتاری و ئابووری و سیاسییەوە مسۆگەر کرا (هەرچەند کە دوایی گشت ئەمانەشیان مسۆگەر کرد!)، بەڵکوو لە ڕێگەی سەرمایەی ئەدەبی و فیکری و هەستانەوەی فەیلەسووفەکانیانەوە بوو. بەزاندنی دەسەڵاتی فەڕەنسا لە لایەن ئەڵمانیاوە لە ئەدەبیاتەوە سەرچاوەی گرت و مێژووی ئەدەبی، نەک تەنیا مێژووی سیاسی ئەم دوو وڵاتە بوو کە نەخشەی فەرهەنگی جیهانییان تووشی ئاڵوگۆڕ کرد.

ڕاستییەکەی نووسین و بڵاوکردنەوەی بەرهەمی ئەدەبی و چاپکردنی گۆڤارەکان لە سەردەمی شەڕ و کاتی تەنگژەدا، دروستکردنەوەی هیوایە لە ناخی وێرانی و داڕمان و ڕووخاندا. لە کات و شوێنێکدا کە هەموو شتەکان سووتاون و لەناوچوون و بەردەوام لایەنێک سەردەکەوێت و لایەنێک دۆڕاوە، ئەمە دیسان دەرچوونی گۆڤارەکان و چاپبوونی کتێبەکان و بەرهەمی نووسەرەکانە کە سەرلەنوێ نەخشەی ژیان و نەخشەی شارەکان دروست دەکاتەوە. هەر

جۆرە هەوڵێکی ئەدەبی و فەرهەنگی لە هەر پارچەیەکی کوردستان بە زمانی کوردی، فریاکەوتنێکە و بەرگرتنە بە وێرانی و داگیرکاری. سازکردنی شوناس و دروستکردنی نەوەیەکی خوێندەوارە لە ناخی هەر جۆرە تەنگژەیەک کە ڕوودەکاتە ئەو شوێنانە. سامان و سەرمایەی ئەدەبییە کە سەرلەنوێ دەتوانێت لە شکستدا سەرکەوتن بەدی بهێنێت و بەربگرێت کە لە ناو مێژوودا فەرامۆش بوون.

### لە دایکبوون لە ناو تەنگژەدا

چاوخشاندن بەسەر دەستپێکی دەرچوونی (ڕامان)دا باسێکی گرنگە بۆ ئەوەی بزانین سەرەتای هەستکردن بەوەی کە دەبێ گۆڤارێکی بەدیسپلین هەبێت کە بەشێک بێت لە سەرمایەی ئەدەبی ئێمە، دەگەڕێتەوە بۆ هێنانە ئارای کام پرسیارانە و وەڵامدانەوەکەیان چۆنە؟ لە ساڵی ١٩٩٦ یەکەمین ژمارەی ئەم گۆڤارە دەردەچێت لە سات و شوێنێکی هەستیاردا لە باری ژیۆپۆلەتیک و بایۆپۆلەتیکی کورد. ئەم دەیە یەکێکە لە گرنگترین ساتەکانی مێژووی کوردە، کە دەیان ڕووداوی گرنگی سیاسی و میلیتاری و فەرهەنگی و جوگرافیایی لە کوردستان و لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتدا ڕووی داوە. لە درێژەی ئەم وتارەدا ئاماژەیەکی خێرای پێ دەکرێت. هەر لەم کاتەدایە کە یەکەم ژمارەکانی ئەم گۆڤارە دەردەچێت و دەبێتە سەرەتای ڕەوتێک کە باسی ئەدەبی و کولتووری بە قەدەر باڵای سیاسەت گەشە دەکات و خەباتی مەدەنی و ئەدەبی بە ڕادەی خەباتی سیاسی و شۆڕشگێڕانە گرنگایەتی پەیدا دەکات.

مانەوە لەسەر پرنسیپی ئەدەبی و چاپکردنی (ڕامان) بۆ ماوەی چەند دەیە، دروستکردنی کۆمارێکی ئەدەبی و فەرهەنگییە کە لەوێدا نووسەران هاوکات هەم دەتوانن پێشمەرگە بن و هەم دەتوانن نەبن، ئەو ئیمکانەیان هەبێت کە بابەتەکانیان لە دەستنووس و لەسەر کاغەزەوە بڕوات بۆ چاپ بوون لە ناو بڵاڤۆکێکەوە، کە هی کوردە و نە لە دەسەڵاتی بەغدا دەترسێت، نە لە هەیمەنەی ئەنکەرە و نە وەڵامی تاران دەداتەوە و نە لە دیمەشق دەترسێت. مێژووی دەستپێک و بەردەوامی (ڕامان) لە گشت ڕووداوە سیاسی و جوگرافییەکانی کوردستان جودا نییە و لە هەمان کاتدا پێکهێنانی شوناسێکی ئەدەبییە لە کاتێکدا کە هەموو شت لە ناو کوورەی سیاسەتدا دەسووتێت.

### گرنگایەتی هەبوونی سەرمایەی ئەدەبی و دەسەڵاتی نەتەوە

سەرمایەی ئەدەبی یەکێک لە بنەماکانی مێژوویی و کولتووری و ناسنامەی هەر نەتەوەیەکی تایبەتییە، ئەمە تەنیا بە ژانری ئەدەبیات، بە تایبەت شیعر و چیرۆکەوە نەبەستراوەتەوە، بەڵکوو هەموو ئەو بابەتانەش دەگرێتەوە کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، یان لە لای دیکەی ئەو بنەمایانەوە ناسنامەی نەتەوەیەک دروست دەکەن. ئەم سەرمایەیە کۆمەڵە ئاست و پێوەندیدایەتی نووسراو و بێژراوە کە مێژووی ڕۆشنبیری و کولتوور بەرز دەکاتەوە. هەمان سەرچاوەیە کە نەتەوەکان بەدەر لە هەبوون و دەسەڵاتی یاسایی، یان ئابووری شوناس و هەبوونی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی خۆیانی پێ دەناسێنن و هەرێمێک لە ناو جیهانی ئەدەبیات و فەرهەنگدا ساز دەکەن. سەرمایەی ئەدەبی نەتەوایەتییە لەبەر ئەوەی بە ماتیریاڵی زمان پێک هاتووە، ئەو زمانەی کە خۆی بابەتێکی

نەتەوایەتییە و شوناسی هەر ئێتنیکێک دروست دەکات و بەردەوام هەم سیستمی سیاسی بەلایەوە زۆر گرنگە و هەم ئەو کەرەستەیە کە سەرمایەی کۆمەڵایەتی پێک دەهێنێت.

کێبڕکێی نێوان دەسەڵاتی سیاسی زلهێز بۆ داگیرکردن و بەخزمەت دەرهێنانی زمانە و لە بەرانبەردا سەرمایەی ئەدەبی هەوڵ دەدات ئەم زمانە بپارێزێت و بەردەوام خەزێنەکەی ئاوەدان و پڕ بکاتەوە. پێکهاتنی دەوڵەتەکان و دەرکەوتنی گەشەی ئەدەبیات سەرچاوەیەکی هاوبەشیان هەیە، چونکە دەیانەوێت لەبەرانبەر داگیرکردن و هێرشی بێگانەدا، خۆیان بسەلمێنن و سنوورەکانیان بەرفرەوانتر بکەن.

پاسکال کازانۆڤا لە کتێبی کۆماری ئەدەبیاتدا ئاماژە بەو باسە دەکات کە لە سەردەمی ڕێنیسانسەوە هاوکات شەڕ و ڕکەبەرایەتی دەوڵەت- نەتەوەکان و شەڕی نێوان وڵاتان و تێکچوونی سنوورەکانیان، ڕوخسارێکی تریشی هەبووە. ئەو لایەنەی تر هێزی مەعنەوی زمانەکان بووە و ئەو دەسەڵاتەی کە لە ڕێگەی ئەدەبیات و زمانی هەر نەتەوەیەکەوە هەوڵی بەرفرەوانکردنی سنوورەکانی داوە. بە تایبەتیش لەسەدەی نۆزدەمدا پەرەسەندنی فیکر و فەرهەنگی ناسیۆنالیستی و دروستبوونی نەتەوە نوێکان، بەشێکی لە دەوڵەمەندبوونی ئەدەبیات و فەرهەنگی ئەوانەوە هاتووە. سامان و سەرمایەی ئەدەبی و فەرهەنگی، ئیتر تەنیا داراییەکی تایبەت و ناوخۆیی هەر وڵاتێک و نەتەوەیەک نییە، بەڵکوو خۆی بەقەدەر ئەرکان و پایە و ئامێر و هێزێکی ئەبەدی لە کێبڕکێی سیاسیشدا ڕۆڵی گێڕاوە. هەر هێزپیشاندان و مانۆڕێکی سیاسی و میلیتاری لەلایەن هەر نەتەوەیەکەوە، هاوکات خودنیشاندان و نمایشی ئەدەبییش بووە. هەموو ئیتنیکەکان هەوڵیان ئەوە بووە ئەدەبیات و سەرمایەی ئەدەب خۆیان وەها پیشان بدەن کە کەسایەتییەکی جیهانییان بۆ دەستەبەر بکات کە تووشی شکست نەبێت و لە پانتایی جوگرافیای سیاسیدا سەری بەرز ڕابگرێت. وەک نموونە مایکیل یاسمین ئەوەمان پیشان دەدات کە شەڕی هەمیشەیی و ڕکەبەرایەتی نێوان فەڕەنسا و ئەڵمانیا کە وێنەی (دیالۆگی نێوان دوژمنان) بووە، لە ژێر چەتری ناسیۆنالیزمی هەردوو نەتەوەکەدا پێکهاتووە کە بە هەموو سەرمایەکانیانەوە خەریکی بوون لە سەرمایەی میلیتاری و ئابوورییەوە بگرە، هەتا سەرمایەی ئەدەبی و دەسەڵاتی زمانی و ئیمکانیات و ئامێرەکانی ئەدەبیات و فەرهەنگەکەیان. ئەم حاڵەتە لە نێوان بریتانیا و فەڕەنساش دیسان ڕووی داوە.

## پێوەندیی نێوان سەرمایەی ئەدەبی و ناسنامەی نەتەوە

ناسنامەی هەر نەتەوەیەک بەدەر لە تەواوی فەرهەنگی پێناسەکان، هەروەها لە ڕوانگەی پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان و ڕێکخراوی یۆنیسکۆ و دیکەی شوێنە پێوەندیدارەکان، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەشێکی هەستیاری پێوەندی بە ئەدەبیات و فەرهەنگی تایبەتی ئەو شوێنەوە هەیە. زۆر جار ئەدەبیات و هونەر دەتوانن دەسەڵات و بەرژەوەندی نەتەوەیەک بپارێزن و بەرزبوونەوەی ناسنامەی فەرمی لە ئاستی جیهانیدا بەشێکی لە پانتایی ئەدەبیات و هونەرەوە مسۆگەر دەبێت. بوونی سەرمایەی ئەدەبی دەسەڵاتە.

## جۆرەکانی سەرمایەی ئەدەبی

- شیعر و وێژە- بەشێکی گەورەی فەرهەنگ و مێژوو لە شیعر و وێژەی نووسەرانی نەتەوەکان پێک هاتووە، وەک شیعرە کلاسیکییەکان، شیعرە

نوێیەکان و ئەدەبی زارەکی.

- چیرۆک و ڕۆمان- چیرۆک و ڕۆمانەکان دەتوانن پردی نێوان ناسنامەی نەتەوە و کولتوورەکان بن و پێناسەیەک بدەنە دەست کەسەکان.

- وەرگێڕانی ئەدەبی و فەرهەنگی- وەرگێڕان بە شێوەیەکی تایبەتی سەرمایەیەکی گەورەی نەتەوەکانە، چونکە بەهۆی ئەمەوە دەکرێت زانیاری و فەرهەنگ بڵاوبکرێتەوە و دەرخەری توانایی و تایبەتمەندی و ڕوخساری ئەدەبی و فەرهەنگی بێت.

- گۆڤار و بڵاڤۆکەکان- ئەم پانتاییە بەشێکی گرنگی سەرمایەی ئەدەبییە کە دەتوانێت ئەرشیف و خەزێنەیەک بێت لە بەرهەمی نووسەران و لە یەک کاتدا گشت ژانرەکان پێکەوە کۆ بکاتەوە، هەروەها مەکۆی بەرهەمی نووسەران بێت کە بڕێک جار لەوانە هەرگیز بە شێوەی فیزیکی یەکتر نەبینن.

- نووسینی ئەکادیمیک و لێکۆڵینەوە- توێژەران و لێکۆڵەرەکان دەبن بە بەشێک لە گەشەپێدانی فیکری و ئەدەبی هەر نەتەوەیەک و بە زمانی زانستی ئاوڕ لەو بابەتانە دەدەنەوە کە لە دواڕۆژدا وەک بەشێک لە میرات و پیشاندانی قووڵایی و پانتایی فەرهەنگ و ئەدەبیاتی ئەو نەتەوەیە دەور دەگێڕێت.

بوونی سەرمایەی ئەدەبی بە هەموو ئەم بەش و لقانەوە، دەتوانێت پێکهاتەیەکی دەسەڵاتدار بێت بۆ نەتەوەکان و هەر نەتەوەیەک سەرمایەی ئەدەبی نەبێت، ڕووبەڕووی جوانەمەرگی و تەمەنێکی کورتی کولتووریی تێکچوو دەبێت، بۆیە دەبێت بەکاربردنی هەموو تواناییەکان بۆ پاراستنی ئەو سەرمایەیە، بەرزکردنەوەی ئەم سەرمایەیە ئەرکێکی ئەخلاقی نەتەوەکانە. لە جیهانی ئەمڕۆدا کە دروشمی (دامەزراندنەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی) و (بەرینکردنی سنوورەکانی ئێرانی فەرهەنگی) و (یەکگرتنەوەی جیهانی عەرەبی) نە تەنیا خولیا، بەڵکوو بەشێکە لە دیپلۆماسی وڵاتە جیاوازەکان و بودجەی تایبەتی بۆ تەرخان دەکرێت، ئەوەمان پیشان دەدات کە بنەماکانی سەرمایەی ئەدەبی چەندە مێژوویی و ئیستراتیژیکە.

## منی کورد، ئەوی دی

خوێندنەوەی گایاتری چاکراڤۆرتی ئێسپیڤاک (Gayatri Chakravorty Spivak) بۆ زمان و نووسین لە چوارچێوەی ڕاگەیاندنی پۆستکۆلۆنیالیزم و فەلسەفەی نەخشکردنی دەنگ و مافی نەتەوەکان شێوە دەگرێت. زمانی کوردی و نووسین و بەرهەمهێنانی دەق و پێکهێنانی سەرمایەی ئەدەبی لە سێبەری ئەم ڕوانینەی ئێسپیڤاکدا لێک دەدرێتەوە. ئەو باس لە هۆکارەکانی نەبوونی دەنگی نەتەوەکان دەکات، لە کاتێکدا کە دەنگی داگیرکار زۆر بەرزە. ئەو پێکهاتە و میکانیزمانە لێک دەداتەوە کە نەتەوەیەکی بن دەست و نەتەوەیەکی لە حاڵی ڕزگاربوون لە بن دەست، دەبێ تێپەڕی بکات، بۆ ئەوەی ببێتە دەنگێکی باڵادەست. بەم شێوە خێرایەوە دەتوانین بابەتەکە بەم شێوەیە پۆلینکاری بکەین؛

### ١- زمان و دەنگی بەرزی زلهێزەکان

ئێسپیڤاک لە زۆر بواردا باس لەوە دەکات کە زمان تەنیا ئامرازێکی بەکارهێنان و بنەڕەتی نییە، بەڵکوو بڕیاردەری هەبوونی دەنگی سیاسی و مافی مرۆڤی نەتەوەکانیشە، بۆیە بە تایبەتی لە هەندێک لە نووسینەکانی وەک «Can the Subaltern Speak» زۆر جار باس لەوە دەکات کە چۆن فەرهەنگ و زمان دەبنە پرد و ڕێگەیەک بۆ ئەوەی نەتەوەکان و کۆمەڵە بچووکەکان دەنگی خۆیان بگەیەننە

پانتایی جیهان و لە هەمان کاتیشدا چۆن ئەم زمانە خۆی دەبێتە هۆی بێ دەنگی کاتێک کە سەرمایەی ئەدەبیی نییە و بەکار ناهێنرێت و فەرامۆش دەکرێت.

نەتەوە زلهێزەکان دەنگی خۆیان هەیە و هەوڵیان ئەوەیە کە دەنگی دیکەی ئێتنیکەکان نەبیستن و خامۆشی بکەن، هەر جۆرە هەوڵێک لەلایەن دیکەی زمان و نەتەوەکانی تر لەم بوارەدا، بەرز کردنەوە و باس کردن لە هەبوونە و ئیزافەکردنی دەنگێکە لە نێوان ئاژاوەی جیهاندا و دروستکردنی مەودایەکە بۆ هەبوون لە پانتایی دەسەڵاتی ئەدەبیدا.

**٢- فەرهەنگ، زمان و دەسەڵات**

زمان بەپێی خوێندنەوەی ئێسپیڤاک، نەک تەنیا جەمسەری پێوەندیدانە، بەڵکوو سیستمێکە کە دەسەڵاتی سیاسی و فیکری لەوێوە سەرچاوە دەگرێت، ئەمە بە تایبەتی لە هەڵسەنگاندنی بارودۆخی نەتەوەکان و زمانە سەرکەوتووانەکاندا دەبینینەوە کە چۆن زمانە مەزنەکان دەمێننەوە و زمانە پەراوێزی و زمانە بچووکەکان، یان هەڕەشەیان لێ دەکرێت، یان لە بناغەوە دەشێوێنرێن، یان دەسڕدرێنەوە، یان لە گەنجینەی وشەکانیان کەم دەکرێتەوە. لێرەدایە کە ڕوانگەی بێرلین و ئێسپیڤاک لێک نزیک دەبنەوە کە نەتەوەکان بەشێک لە مان و نەمانیان لە دوای زمانەکەیان، بۆ ئەرشیڤکردن و پاراستن و پیشاندانی میراتی ئەدەبی و دەستەبەرکردنی سەرمایەی ئەدەبی دەگەڕێتەوە، کە بتوانن پشتی پێ ببەستن. لەم ڕێگەیەدا هەر جۆرە هەوڵێک جێی ستایشە، تەنانەت هەنگاوێکی بەسوودیشە.

**٣- هێزی شوناسسازیی کۆلۆنالیزم**

زۆر جار لە خوێندنەوەی (ئێسپیڤاک)دا، دەبینین کە دەسەڵات و نەتەوەیەک، کە زلهێزە، لە ڕێگەی زمان و ئەدەبیاتی تایبەتی خۆیەوە، شوناس و بوونێکی ناوەندی و تاق گێڕانەوە، ساز دەکات و بەم شێوەیە شوناس و دەنگە فەرهەنگییەکانی تر دەشێوێنێت، یان بێ دەنگیان دەکات. لە درێژ ماوەدا دیکەی ژیان و بەسەرهات و شوناسەکانی تر نابینرێن و گێڕانەوەی ئەوان لە خۆیان، بێ بایەخ، یان ئەستەم دەبێت.

لێرەدا هەر تیۆرە و هەر زانست و هەر جۆرە مەعریفەیەک لەبەر ئەوەی لە لایەن داگیرکارەوە بەرهەم دێت، نیشانەی ئەوانی پێوە دیارە و وەبەرهێنانی زانستی، ئەدەبی، فەرهەنگی و مەعریفی لەلایەن نەتەوە و دەنگەکانی ترەوە زۆر ئەستەم دەبێت. لە بارودۆخی وەهادایە کە دەسەڵات و زمانە بەهێزەکان، زمانە بچووکەکان بکوژن و لە زۆر حاڵەتدا بە هۆی ڕووبەڕووبوونەوەی زمانێکی کۆلۆنالیستییەوەیە کە دیکەی زمانەکان لە ناو خۆشیاندا تووشی سەرلێشێواوی و ئاڵۆزی ببن. ئێسپیڤاک یەکێک لە ئامێر و ڕێگەی ڕزگارییبەخشەکان بە ئەدەبیات دەزانێت و باس لەوە دەکات کە ئەمە هێزی ئەدەبیاتە سەرلەنوێ شوناسی نەتەوەکان دروست دەکاتەوە، ئاگایی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی ساز دەکات و گشت دەنگە خنکاو و سیما نەبینراوەکان زیندوو دەکاتەوە و تیشکیان دەخاتە سەر، وەها کە ئیتر داگیرکار هەرگیز ناتوانێت نکوڵییان لێ بکات. ئەم ئەدەبیاتەش دەبێ لە گشت بوار و کەرەستەکان کەڵک وەربگرێت. لە ئەنجوومەن و گۆڤارەکانەوە بگرە، هەتا هەموو جۆرەکانی میدیا و چاپی کتێب و وەرگێڕان و هەتا نووسینی توێژینەوە و ئەرشیڤکردن و نووسینەوەی ئەدەبیاتی زارەکی.

**٤- گێڕانەوەی خود لە بارودۆخی ڕاستەقینەدا**

ئێسپیڤاک ڕەخنەی زۆر توندی خۆی دەخاتە سەر ئەو کەسانەی کە زمان و بەدەنگبوونی

خوێندنـەوەی ئەدەبـی و فەرهەنگیـی خۆیـان بـە هـۆی توانـەوە و کەڵـک وەرگرتنـی ڕەهـا لـە زمانـی باڵادەسـت دەبینـن، بـێ ئـەوەی قسـەی خۆیـان بگێڕنـەوە، ڕاسـتییەکەی گێڕانـەوە و باسـکردن لـە خـود، هەرچەنـد ئـەم خـودە لاواز کرابێـت، یان کێشـەی هەبێت، بـەلای ئـەو بیرمەنـدەوە زۆر گرنگـە.

بەپێـی خوێندنـەوەی ئێسـپیڤاک، ئـەوەی کـە پۆست کۆلۆنیالیـزم دەچێتـە نـاو ناخییـەوە، ئەوەیـە کـە دەیەوێـت ئێمـە بزانیـن کـە نەهێشـتنی نەتـەوە و زمانـە بـن دەسـتەکان و زمانـە ناوخۆییەکانـی ئـەو جوگرافیـا، یەکێکـە لـە پێچەڵپێچتریـن شـێوەکانی دیکتاتۆرییـەت. بەشـێک لـەم پرۆسـەیەش دەبێتـە نیشـاندانی وێنەیەکـی ئایدیـال لـە هـەر جـۆرە هەوڵێکـی نەتـەوەی باڵادەسـت لـە بـواری چالاکـی و سـەرمایەی ئەدەبیـدا و خسـتنە بـەر پرسـیار و ڕەخنـەی گشـت هەوڵەکانـی نەتـەوەی دووەم، کەواتـە لێرەدا ئێمـە نواندنەوەیەکی پارادۆکسیکاڵمان هەیـە لـە وێنەکانـی باڵادەسـت و قیاسـکردنێکی هەمیشـەیی گشـت هەوڵـەکان کـە لەلایـەن نەتەوەیەکـی تـرەوە ئەنجـام دراوە، بەبـێ ئـەوەی چـاو لـە بارودۆخـی سیاسـی و ئابـووری و کۆمەڵایەتـی و مێـژووی ئـەو نەتەوەیـە بکرێـت.

بـە پێـی خوێندنـەوەی ئێسـپیڤاک، زمـان تەنیـا بـۆ ئاخاوتـن و پێوەنـدی گرتـن و نووسـینەوە نییـە، بەڵکـوو هێمـا و سـیمبۆلی دەسـەڵات و بەدەنگبوونیشـە، کاتێـک کـە ژێردەسـت باسـی خـۆی دەکات و دەنگـی دەبیسـترێت. ئـەم زمانـە خـۆی بنەمـای سـەرمایەی ئەدەبیشـە، لـە هەمـان کاتـدا هێمـای سیاسیشـە، هـەر بۆیـە خوێندنـەوەی زمـان بـە شـێوەیەکی زانسـتی، دەبێتـە هـۆی ئـەوەی لـەوە تێبگەیـن کـە چـۆن زمـان و سیسـتمی دەسـەڵات یەکتـر سـاپۆرت دەکـەن. ئەگـەر نەتەوەیـەک لـە بـاری سیاسـییەوە نەیتوانیـوە پێـش بکەوێـت، بـەڵام لـە بـاری ئەدەبـی و زمـان و سـەرمایەی ئەدەبـی و فەرهەنگییـەوە بتوانێـت دەسـەڵات بگرێتـە دەسـت خۆیـەوە، ئـەوە دەتوانێـت هیـوادار بێـت کـە لـە دەڤـەری سیاسـەت و جوگرافیاشـدا ئەژمـار دەکرێـت و دەکـرێ ببێتـە خـاوەن دەسـەڵات.

## ئەرکەکانی گۆڤار و بڵاڤۆکە ئەدەبییەکان وەک بەشێک لە سەرمایەی ئەدەبی

گۆڤـار و بڵاڤۆکـە ئەدەبییـەکان لـە کولتـوور و ڕۆشـنبیریی نەتەوەکانـدا ڕۆڵێکـی زۆر گرنگیان هەیە، بەتایبەتـی بـۆ زمانێـک و کولتوورێـک کـە هێشـتا لـە چەنـدان بەشـی جیـاوازی دابەشـکاریی سیاسـیدایە و هەمـوو قۆناغەکانـی ژیانـی نێودەوڵەتـی و دەرەکـی خـۆی بـە ئایدیالەکانییـەوە مسـۆگەر نەکـردووە. بـۆ نەتەوەیەکـی وەک کـورد کـە بـەردەوام لـە حاڵەتـی بەرخـۆدان و شـەڕکردن بـۆ بوونـی شـوناس و زمانـی خـۆی بـووە، ئـەم بەشـە لـە سـەرمایەی ئەدەبـی ڕۆڵێکـی بـێ وێنـەی هەیـە، هەروەهـا دەتوانێـت نموونەیـەک بێـت کـە گێڕانـەوەی تایبـەت بەخـۆی هەیـە و ناکـرێ لـە ڕوانگەیەکـی کۆلۆنیالیسـتییەوە لەگـەڵ نموونـەی دەسـەڵاتەکانی تـر، هەروەهـا سیسـتمی باڵادەسـت بـەراورد بکرێـت. بەشـێک لـەم ئەرکانـە بریتیـن لـەم خاڵانـە:

## پاراستنی زمان و کولتوور

گۆڤـارەکان و بڵاڤۆکـە ئەدەبییـەکان سـەرچاوەیەکی گرنگـن بـۆ پاراسـتن و پەرەسـەندنەوەی زمـان لـە هـەر دەرفەتێکـدا کـە بۆیـان بڕەخسـێت. لەوانەیـە لەزمانێکـدا ڕۆڵـی سـەنتەرێکی ئەدەبـی و چاپخانەیەکی ڕۆشـنبیریش بگێڕن. گۆڤـارەکان وەک مەکۆیـەک نووسـەرانی نـەوەی پێشـوو کۆ دەکەنـەوە و نووسـەرانی نـوێ هـان دەدەن بـۆ بەکارهێنانـی

زمانی خۆیان و پەرەپێدانی پێوەندییەکانی نەوەکان و خستنە سەرهێڵی کاری پرۆفیشناڵ.

## پەرەپێدانی هونەر و ڕۆشنبیری

گۆڤار و بڵاڤۆکە ئەدەبییەکان بۆ نووسەر و وێژەنووسان و هونەرمەندان و ڕەخنەگر و ئەکادیمیسییەنەکان ناوچەیەکی ئەمنی ئەدەبی دروست دەکات و بۆشاییەک پێک دەهێنێت بۆ ئاشکراکردنەوەی تواناییەکانیان و پیشاندانی بیرۆکە و ڕووناکبیرییەکی گەشاوە و نوێ. لە ڕێگەی ئەم دەرفەتەوە دەکرێت گەشەکردن و ئایدیای نوێ ڕابگەیەنرێت. لە خۆپیشاندانی گەلی کورددا، گۆڤار و بڵاڤۆکاکانی ئەدەبی لە بوارێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیشدا ڕۆڵێکی تایبەتیان هەبووە. لە کاتی نەبوون و دەست نەگەیشتوویی بە میدیاکان لە دەیەکانی ڕابوردوودا، ئەمە گۆڤار و چاپەمەنییەکان بوون کە توانییان زانیارییەکان بڵاو بکەنەوە، هەروەها هونەر و ڕۆشنبیرییەک بڵاو بکەنەوە کە لە مێدیا و دەوڵەتدا سنووردارکراوە، وەک مافە دیموکراتییەکان، مافە مەدەنییەکان و مافە ئابوورییەکانی خەڵک.

## پردێک لە نێوان ئەدەبیات و ڕووناکبیری ڕابوردوو و بەرەی نوێدا

گۆڤار و بڵاڤۆکە ئەدەبی و فەرهەنگییەکان پێوەندییەکی پتەو لە نێوان ڕوانین و بیر و گەنجینەی کۆن و نوێی زمان و ئەدەبیات و فەرهەنگ دروست دەکەن. ئەم چاپەمەنییانە دەرفەتێک ساز دەکەن کە تاقیکردنەوەیەک هەبێت بۆ تواناییەکانی نووسین لە گشت ژانرەکانیدا، وەک چیرۆک، شیعر، وتار و... تاد. ئەم سازکردنی پێوەندییە لە نێوان نەوە جیاوازەکان و شێوازەکانی نووسیندا دەبێتە هۆی گەشەپێدانی زمان و تواناییەکانی نووسەران. پردێک کە گۆڤارە ئەدەبییەکان دروستی دەکەن ماڵێکە بۆ نووسەران تا بتوانن ئەدەبیاتی لۆکاڵ و جیهانی، ئەدەبی مۆدێرن و بەرهەمە کلاسیکییەکان کۆ بکەنەوە.

## پیشاندانی داهاتووی ئەدەب و وێژە

بۆ نەتەوەیەک کە لە بارودۆخێکی سیاسی شێواو و ناسەقامگیردا دەژی و دیار نییە داهاتووی ئابووری و سیاسی بەرەو کوێ دەڕوات، دەرچوونی هەر ژمارە لە گۆڤارێک هیوایەک دروست دەکات بۆ کۆمەڵێک نووسەر و هاوکات چەندان نەوە لە خوێنەران کە چاوەڕوانی ژمارەکانی تریش بن و داهاتوویەک دروست ببێت بۆ بەرهەم و نووسەرەکانیان. ئەم بڵاڤۆکانە لە لایەکی تریشەوە پیشاندەری مێژووی وەرگێڕان و نووسینی دیکەی نووسەرانی بیانییە و جۆری بەرەو ڕووبوونەوەی ئێمەش لەگەڵ دەقە ئەدەبییەکاندا پیشان دەدات. ئەم گۆڤارانە دەبن بە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو و سەرەکی بۆ ئەرشیڤکردنی دەقی نووسەران و هەلەکانی ئێمە نیشان دەدەن کە چۆن سەرمایەی ئەدەبیمان کۆ کردووەتەوە و بە چ بارودۆخێکدا تێپەڕیوین و نووسینی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی کام قۆناغانەی بڕیوە.

## باسی کۆتایی

گۆڤاری ڕامان وەک بەشێک لە سەرمایەی ئەدەبی ئێمە، لە سەردەمێکدا بڵاو کرایەوە و تا ئێستاش بەردەوامە، کە ئەو ساڵانە و دەیەی نەوەدەکان، لە گرنگترین ساڵەکانی پێکهێنەری ژیانی سیاسی، نەتەوەیی و نێودەوڵەتی کوردستان بووە، بە تایبەت کوردستانی باشوور سەردەمێکی تێپەڕاند کە بەردەوام لە باری ژێئۆپۆلێتیکەوە

ترسـی مـان و نەمـان زاڵ بـووە و مرۆڤـی کـورد بـەردەوام لـە حاڵـی ئاڵوگـۆڕی کۆمەڵایەتـی و شـەڕ و ناسـەقامگرتوییدا ژیـاوە. شـەڕی کەنـداو و هێرشـەکانی ڕژێمـی بەعـس، هاوپەیمانـی ئەمریـکا لـە ناوچەکـەدا، گوشـار و تەنگژەی مرۆیـی لەسـەر خەڵکی کـورد لەلایـەن ڕژێمەوە، ڕاپەڕینـی نەتەوەیی کوردسـتان، دیاریکردنـی ناوچـەی سـەوز، شـەڕی ناوخۆیـی و دیکـەی ڕووداوەکان، ئەمانـە تەنیـا بەشـێکن لـەو گشـت بەسـەرهات و خەسـارەکانی ئـەو بوومەلەرزەیـە، کـە ئـەم ناوچەیـەی هەژانـد. لـەو بارودۆخەدایـە کـە کاک ئـازاد عەبدولواحیـد و هاوڕێکانـی دیکـەی دەسـت بـە پەرچدانـەوەی ئـەم بارودۆخـە دەکـەن و هەوڵـەکان یـەک دەخـەن هەتـا گۆڤـاری ڕامـان بـڵاو بکرێتـەوە. پێویسـت بوونـی نووسـین لـە هـەر بارودۆخیکـدا، ئەرشـیڤکردنی بەرهەمـی نووسـەران، دروسـتکردنی مەکۆیـەک بـۆ نووسـەران، کۆکردنـەوەی دیالۆگـی نێـوان نووسـەران لـە نـاو یـەک ماڵـدا، دەنـگ بەرزکردنـەوە و گێڕانـەوەی خۆمـان لەلایـەن خۆمانـەوە، هەسـت کـردن بـە بەرپرسـیاریەتی ئەدەبـی و ئەخلاقـی، دروسـتکردنی سـەرمایەی ئەدەبـی بـۆ پاڵپشـتی شوناسـی فەرهەنگـی مرۆڤـی کـورد و زۆر هـۆکاری تـرە، کـە ئـەم هەوڵـە هەتـا سـەردەمی ئێسـتا دەگەیەنێـت.

دەرچوونـی گۆڤـاری ڕامـان لـە هەمـوو بارودۆخەکاندا ئـەوە دەسـەلمێنێت کـە نووسـەر بـوون، ئەرکێکـی تاکـی و گرێـدراو بـە سـەرمایە و حـزب و بـارودۆخ و کات و شـوێنەوە نییـە، بەڵکوو لـە ناخـی مرۆڤێکدایـە ڕەگوڕیشـەی داکوتـاوە، کـە دەنووسـێت و پیشـانمان دەدات باوەڕپێکراوتریـن کەسـەکان کـە تەعبیـر لـە ژیانمـان بکـەن، نووسـەرانن نـەک سیاسـەتمەدار و بازرگانـەکان و ئەوانـەی کە دەوترێت سـەرکەوتووەکانن و مێـژوو دەنووسـن.

میـلان کۆندیـرا لـە بەشـێک لـە دەستنووسـەکانیدا بـاس لـەوە دەکات کـە نەتـەوە بچووکەکان هەمیشـە خـەم و خەفـەت و ڕەنجـی گەورەیان هەیە. نەتەوەی بچـووک نـەک بـە مانـای ژمـارەی دانیشـتووان، یـان کەمـی جوگرافیـا، یـان کـەم بوونـی مێـژوو، یـان فەرهەنگەکەیـان، بەڵـکوو بچـووک بـەو مانایـە کـە دەنگیـان نابیسـترێت و لـە بارودۆخێکدا ژیـاون کـە بـۆ دەسـەڵاتی قەبـە گرنـگ نیـن و بـە ئەنقەسـت نابینرێـن و نکوڵـی لـە ژیانیـان کـراوە. بـەو مانایـە کـە کۆندیـرا باسـی لـێ کـردووە، لـە کارەسـاتی جینۆسـایدی ئەنفـال و لـە تراژیدیـای هەڵەبجـە و هەمـوو تاوانەکانـی تـر، بەڵـێ ئێمـە نەتەوەیەکـی بچـووک بوویـن. دیسـان دروسـتە بەڵـێ شـێوەی کار و ژیانمـان جیـاواز بـووە و ڕەنجەکانیشـمان گـەورە بـوون. ئێمـە دەتوانیـن نـەک (ڕامـان) بـە تەنیـا، بەڵـکوو هـەر هـەوڵ و ڕەوتێکـی فەرهەنگی و ئەدەبـی و نووسـین و خەباتـی مەدەنـی وەک بەرخۆدانێـک بـۆ مانـەوە و ژیـان سـەیر بکەیـن، ئەمانـە پێکهێنـەری سـەرمایەی ئەدەبـی و میراتـی فەرهەنگـی ئێمـەن، ئەمانـە دەنـگ بەرزکردنـەوەی ئێمـەن و هیـوا دەخوازیـن کـە نووسـینمان بـەردەوام بێـت.